# ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، یا هەولێر و ئەنکەرە؟

بورهان أ. یاسین

٢٠١٩/١١/٢٨

**ناواخنی باس**

پێشەکی . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٢
سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا و بەردەوامی "کەلتوری وابەستەیی" . . . . . . . . ٢
**دەرەنجام** . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٥

## پێشەکی

لە چەند هەفتەی رابردوودا هەوڵەکان بۆ رێککەوتن لە نێوان بەغدا و هەولێر چڕ بوونەوەتەوە. لە هەمان کاتدا بەرپرسانی هەرێم ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا زۆر نزیکە وە بە پێی راگەیەندراوە فەرمییەکان بە ئەگەری زۆر لە سەرەتای هەفتەی داهاتودا هەولێر و بەغدا لەسەر شێوازێکی تێگەیشتنی هاوبەش لەمەڕ بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ریکدەکەون بۆ ئەوەی ئەم بودجەیە بنێردرێ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

گریمانەی ئەم وتارە سەرپێیەی بەردەست ئەوەیە کە بەبێ تێگەیشتن لە قوڵایی و مەترسیداریی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنکەرە ناتوانین بە باشی لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و ئەگەری رێککەوتن یا رێکنەکەوتن لە نێوان هەولێر و بەغدا بگەین. بە دیوێکی دیکەدا هەولێر ناتوانێ لەگەڵ بەغدا پێک بێت ئەگەر لە پێشرا "مۆڵەتی" لە ئەنکەرە وەرنەگرتبێت؛ واتە ئەو ئاکامەی کە هەرێم لەگەڵ ئەنکەرە پێی دەگات، لە سەردانی مەسرور بارزانیدا، دەبێتە بنەما بۆ هەردوو ئەگەری گەیشتن یا نەگەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا.

## سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا و بەردەوامیی "کەلتوری وابەستەیی"

چوونی شاندی هەرێمی کوردستان، کە پێک هاتبوون لە دوو وەزیری یەکێتی و گۆڕان (خالید شوانی و ئاوات شێخ جەناب) لە سەرەتای ئەم هەفتەیە بۆ بەغدا، لە ئاراستەی فەراهەمکردنی رێککەوتن لەگەڵ بەغدا بوو. سەردانی ئەم دوو وەزیرەی یەکێتی و گۆڕان هیچ گرنگییەکی نییە کاتێک هەنگاوی شاندەکە بخەینە ناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزتری پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لە لایەک وە هەولێر و ئەنکەرە لە لایەکی دیکەوە. چونکە سێ رۆژ دوای چوونی ئەم شاندە بۆ بەغدا، ئەمڕۆ (٢٠١٩/١١/٢٨) مەسرور بارزانی بە یاوەری شاندێکی سەد لە سەد پارتی سەردانی ئەنکەرە دەکات[1]. واتە هەر زوو پێشتر دەبێ ئەوە بڵێین کە چونی دوو وەزیرەکەی یەکێتی و گۆڕان بۆ بەغدا تەنیا بۆ هێنانی ئەو زانیاریانەیە کە دواتر (واتە لە سەردانەکەی ئەمڕۆیدا) مەسرور بارزانی پێویستیەتی بۆ گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەنکەرە. بەم مانایەش بریاری ریکەوتنی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە هەولێرەوە دەست پێ ناکات بەڵکو لە ئەنکەرە دەست پێدەکات کەچی بە هەولێردا تێدەپەڕێ.

---

[1] https://www.awene.com/detail?article=15398

ئەم شێوازی کارکردنەی سەرۆک وەزیران لە کابینەی نوێدا سەد لە سەد بەردەوامیدانە بە شێوازی کارکردنە کۆنەکەی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەکانی پێشتردا. پێشتر جاری وا هەبوو نێچیرڤان، نەک چەند رۆژێک دوای سەردانی بۆ بەغدا سەردانی ئەنکەرەی دەکرد بەڵکو، لە هەمان رۆژدا لە بەغدا گەڕاوەتەوە و لە هەمان رۆژیشدا سەردانی ئەنکەرەی کردووە.

هەر ئێرە دەرفەتە بڵێین کە سەردانی دوو رۆژ لەمەو بەری نێچیرڤان بارزانی، بە بیانۆی هەوڵێک بۆ رەخساندنی یەکریزی کورد لە بەغدا، ئامادەکارییەکە بۆ تێپەڕاندنی بۆچوونی خۆی (هەڵبەتە بە سازان لەگەڵ ئەنکەرە) لە گفتوگۆکان دەربارەی بودجە لەگەڵ بەغدا. بەڵام بە بڕوای خۆم هەر یەک ریزییک ئەمڕۆ لە بەغدا کۆدەکەی دەکەوێتە دەست پارتی دیمۆکراتی کوردستان وە دەخزێتە خزمەتی ئەو شێوازە لە پەیوەندی کە پارتی، هەر لە زەمانی مەلا مستەفاوە، هەڵگریەتی: لەگەڵ بەغدا لە پەیوەندییێکی فەرمیدا، بەڵام لە هەمان کاتتدا لە پەیوەندییێکی شاراوە و گوماناوی لەگەڵ پایتەختی وڵاتێکی داگیرکار (ئەو کات لەگەڵ تەهران وە ئێستاش لەگەڵ ئەنکەرە)[2].

واتە ئەوانەی پێیان وابوو کە لە کابینەکەی مەسرور بارزانیدا گۆڕانکاری بەسەر هاوکێشەی (هەولێر – بەغدا – ئەنکەرە)دا دێت هەڵەبوون. بە واتایەکی دیکە، ئەم شێوازە لە رەفتاری مەسرور رێک بەردەوامیدانە بە شێوازی هەڵسوکەوتی نێچیرڤان بارزانی لەسەر بنەمای ئەوەی کە رێککەوتنە پەنجا ساڵیەکەی نێچیرڤان (تۆ بڵێ پارتی) لەگەڵ ئەنکەرە بنەمای هەموو پەیوەندییەکانە، جا سەرۆک وەزیران هەر کێ دەبێ با ببێ

---

[2] بەبۆچوونی خۆم هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پارتی، تەنانەت بە یەکێتیشەوە، نابێ بە ئاسانی بچنە ژێر باری داواکاری پارتی دیمۆکارتی کوردستان لە دروستکردنی هاوپەیمانییێک بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان. هەر چەندە هەر زوو نەوەی نوێ بۆچوونی راشکاوانەی خۆی لەم بارەیەوە راگەیاندوە و فراکسیۆنەکانی دیکەش بەو رادەیە خواستی ئەوەیان دەرنەبڕیوە کە بچنە ناو هاوپەیمانییێکی ئەوها، بەڵام گرنگە هەموو هێزەکان لەوە ئاگادار بن کە هەر هاوپەیمانییێک لەسەر بنچینەیەکی پڕ لە روونی و شەفافیەت نەبێ وە مافی ڤیتۆ و سەرکردایەتیکردنی بۆ هەموو هێزەکان تیادا پارێزراو نەبێت، هاوپەیمانییێکی ئەوها نەک هەر بۆ ئەو هێزانە خۆیان بۆ کوردیش لە باشوری کوردستان گەمەیەکی پر لە مەترسی دەبێت. جگە لەوەش پێوسیتە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا لەسەر بنچینەی پڕۆژە و پرۆگرامێکی روون و ئاشکرا بێت و یەکەم خاڵی هەر پڕۆژە و پرۆگرامێکی هاوپەیمانیش ئەوە بێت کە هیچ لایەنێک بۆی نییە تاکڕەوانە **هیچ شتێک بکات** بەبێ ئاگاداری فراکسیۆنەکانی دیکە: **ئاخر، هەر بۆ نمونە، چۆن دەکرێ فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بەرگری لە سیاسەتێک بکەن کە بنەما و هێڵە هەرە هەستیارەکانی لە ئەنکەرە داڕێژرا بن.** لە کاتێکدا لە کوردستان هاوسەنگی هێز لە خزمەتی هێژەمونی پارتیدا تەواو بووە، پێویستە سەربەخۆیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا وەک پارسەنگێک بێت بۆ راستکردنەوەی باری لاری ئەو هاوسەنگییە (یا راستتر بڵێین ئەو ناهاوسەنگییە) کە لە هەرێمی کوردستان هەیە. دەتوانین بە کورتی و بە چڕی ئەوها بڵێین: **نە هەموو جۆرە یەکێتییێک و یەکگرتنێک بە زەرورەت بە سوودە، وە نە هەموو جۆرە " بە جیاوازی بیرکردنەوەیەکیش" بە زەرورەت زیانبەخشە!**

وە دۆسیەی نەوت روحی ئەم پەیوەندییانەیە و کۆدەکەشی لەدەست ئەنکەرەدایە، نەک هەولێر. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی لە کاتێکدا هەرێم بە بەغداوە گرێدراوە لە ڕێگای دەستورێکەوە، کەچی لە لایەکی دیکەوە هەرێم لە ڕێگای بەڵگەنامەیەک کە لەسەر بنەماییێکی **نیمچە-کۆلۆنیاڵ** (semi-colonial) دارێژراوە، بە ئەنکەرەوە گرێدراوە. وە رەهەندێکی هەرە گرنگی ئەم شێوازە لە جووت-پەیوەدنی، یا پەیوەدنی هاوتەریب، ئەوەیە کە لە کاتێکدا دەکرێ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە تایبەت بودجە، خزمەت بە هەموو خەڵکی بکات لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم چارەسەرە، بە زەرورەت، بە قازانجی چاوبرسییەکانی دەسەڵات تەواو نابێ. لە بەرامبەردا پێکهاتن لەگەڵ ئەنکەرە وە لەسەر ئەم بنچینەیەش تێپەڕاندنی ڕێککەوتنێکی ناروون و نیوە ناچڵ لەگەڵ بەغدا، خزمەت بە چاوبرسیانی دەسەڵات دەکات، بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندازیاری ڕێکەوتنە پەنجا ساڵیەکە بوون لەگەل ئەنکەرە، یا ڕاستتر بڵێین لەگەڵ ئەردۆغان، بەڵام ڕێککەوتنێکی لەم جۆرە لە زیانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەبێت!

هەر ئێرەش دەرفەتە بڵێم کە بۆچوونی خۆم، لە سەروبەندی دامەزراندنی ئەم کابینەیە ئەوە بوو کە نێچیرڤان بارزانی دۆسیەی نەوت بۆ ئامۆزاکەی جێ ناهێڵێ بەلکو لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ سەرۆکایەتی هەرێم. ئەم سەردانەی مەسرور بارزانی بۆ ئەنکەرە لە کاتێکی زۆر هەستیاردا، واتە تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا، پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەیە: ئێستاش هەر وەک دوێنێ بەر لەوەی هەولێر لەگەڵ بەغدا ڕێکک بکەوێ، پێویستە، **لە چوارچێوەی پەیوەندییێکی تا سەر یەسقان وابەستەیی و شاراوەدا**، لەگەڵ ئەنکەرە ڕێک بکەوێ.

پێویستە هەر لێرە ئەوە بیر خوێنەر بهێنمەوە کە ٤٥ ساڵ پێش ئێستا (واتە لە ساڵی ١٩٧٤، یا ڕاستتر بڵێین لە بەهاری ئەو ساڵەدا، بەر لە دەستپێکردنەوەی شەر لە نێوان کورد و رژێمی ئەو کاتەی بەغدا) ڕێک لەسەر بنەمای ئەم شێوازە لە پەیوەندی (بەڵام ئەو کاتە لە بری ئەنکەرە تاران: واتە ناوپردان لە نێوان بژاردەی بەغدا یا تەهران) شێوازی هەرە باڵادەست بوو. واتە لە لایەکەوە کورد (هەڵبەتە لەو کاتەدا مەلا مستەفا بارزانی و پارتی) لەگەڵ بەغدادا لە ڕێکەوتنێکی ئاشتیدا بوون لەسەر بنەمای بەیانی ١١ی ئادار، بەڵام لەو لاشەوە لە پەیوەدنییێکی ژێر بەژێری وابەستەییدا بوون لەگەڵ تەهراندا، کە بنەماکانی ئەو پەیوەندییە هەر لە بەهاری ١٩٧٢دا (لەسەر بنچینەی لەیەکگەیشتنێکی ئێران و واشنتۆن بۆ یارمەتیدانی کورد لە باشوری کوردستان) دامەزرابوو. وە هەر ئەم شێوازەش بوو لە پەیوەندی کە وایکرد لە ڕۆژ و هەفتەکانی بەر لە دەستپێکردنەوەی

شەڕ لە ئادری ١٩٧٤دا نوێنەرانی بارزانی، جاری وا هەبوو هەمان لە ڕۆژدا، لە بەغداد بوون وە لە هەمان ڕۆژیش لە تەهران. ئەمە ئەو سیاسەتە بوو کە کوردی بە سەرکرادایەتی مەلا مستەفا بارزانی بەرەو شەڕێکی خوێناوی و یەکلاکەرەوە برد، کە دواجار شەڕەکەش بە نسکۆ مێژووییەکەی بەهاری ١٩٧٥ تەواو بوو.

هەر لەسەر بنەمای ئەم لەیەکچواندنەشە کە لە وتارێکی پێشوترمدا نووسیومە " ئەمڕۆ مەلا مستەفا بارزانی، کەچی بەر لە چل ساڵ مردووە، **لە هەولێر فەرمانڕەوایی دەکات**."[3] واتە هەر ئەو کولتورە سیاسییەی کە لە ١٩٦٠کان تا ناوەڕاستی ١٩٧٠کان باشوری کوردستانی خستبووە پەیوەندییکی نیمچە-کۆلۆنیالی لەگەڵ تەهران، هەر ئەم کەلتورە سیاسییەیە کە بووە بنەمای ڕێکەوتنە پەنجا سالیەکە لەگەڵ ئەردۆغان. کەواتە ئەمڕۆش کورد لە باشووری کوردستان وەک ١٩٦٠کان تا ناوەڕاستی ١٩٧٠کان لە چوارچێوەیی پەیوەدنییکی وابەستەیی پشتشکێندا لە لایەن دەسەلاتدارانی ئەنکەرەوە **بە بارمتە گیراوە**[4].

## دەرەنجام

کورد لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە سالانی دواییدا، بە شێوەیەکی مەترسیدار کەوتۆتە نێوان دوو بەرداش (بەغدا و ئەنکەرە). لەگەڵ یەکێکیاندا لە ڕێگای بەڵگەنایەکی ڕەسمی (واتە دەستور)ەوە پەیوەندیدارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دیکەیان، واتە لەگەڵ ئەنکەرە، بە پەیوەدندییکی گوماناوی (لەسەر بنچینەی پەیوەندییە نیمچە-کۆلۆنیالییەکان) پەیوەندیدارە. ئەم شێوازە لە جووت-پەیوەدنی، هەر وەک لە وتارێکمدا کە ١٠ ساڵ بەر لە ئێستا نووسیومە، وادەکات کە باس لە دوو شێوازی دەسەلات بکەین: **دەسەڵاتی بینرا و ڕەسمی لە لایەک، بەڵام دەسەلاتی شاراوە لە لایەکی دیکەوە**[5]. هەر لەو وتارەشدا وتومە کە دەسەڵاتی شاراوە باڵادەستە و دەسەلاتی ڕەسمیش زیاتر دەسەڵاتێکی رووکەشە. هەر بە پێی ئەم بۆچوونەش سەردانی مەسرور بارزانی بۆ ئەنکەرە زیاتر هی دەسەڵاتی شاراوەیەو دەشکرێ هەر لە ئەنکەرە بنەماکانی گەیشتن بە ڕێککەوتن یا ڕێکنەکەوتن لەگەڵ بەغدا بڕیاریان لێ بدرێ. هەر لە چوارچێوەی ئەم شێوازە لە

---

[3] http://burhanyassin.com/Oslo%204.pdf

[4] هەر چەندە لەم وتارەدا بواری باسکردنی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، بەڵام بە باوەڕی خۆم جێگای خۆیەتی کە فەرمانڕەواکانی ڕۆژئاڤا لە جوڵەکانی دەسەڵاتدارانی پارتی لە چەند هەفتە و ڕۆژی دواییدا، بە تایبەتی لە سەردانەکەی مەسرور بارزانی، نیگەران بن!

[5] بورهان أ. یاسین، باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بەرووی داهاتوودا .ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ :
http://burhanyassin.com/Helbijardinekan-dr.%20Burhan%20Yassin.pdf

پەیوەندییەکان، حکومەتی مەسرور بارزانی سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا پیادە دەکات: گۆڕان و یەکێتی سەرقاڵی بەغدا دەکات، بەڵام خۆی و شاندێکی پارتی، بەبێ هیچ بەشدارییێکی ئەم دوو هێزە، دەچێ بۆ ئەنکەرە بۆ بڕیاردان لە دۆسیە هەرە هەستیارەکە (واتە نەوت) کە ئەم دۆسیەیە شادەمار و یەکلاکەرەوەیە بۆ هەر رێککەوتن یا رێکنەکەوتنێک لەگەڵ بەغدا!

ئەو هێزە سیاسیانەی کە بەشدارن لە حکومەت (واتە گۆڕان و یەکێتی) دەسەلاتیان بەسەر پەیوەدنییەکانی پارتی و ئەنکەرەدا (راستتر پەیوەندییەکانی ماڵباتی بارزانی و ئەردۆغان)دا ناشکێ، بەلام، لەوەش ئەولاتر، ئەم هێزانە بەرپرسن لە بەردەوامی پەیوەندییە نیمچە-کۆلۆنیالییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرە، وە هەر لەسەر ئەم بنەمایەش **بەرپرسن لە هەر لێکەوتەیەکی نێگەتیڤی ئەو پەیوەندییانە!** دەکرێ زۆر بە سادەیی بپرسین ئایا دەکرێ گۆڕان و یەکێتی لە بەغدا بەرگری لە سیاسەتێک بکەن کە هێڵە هەرە چارەنووسسازەکانی لە ژوورە تاریکەکانی دەسەلاتدارانی ئەنکەرەدا کێشرابن و بڕیاریان لەسەر درابێت؟